

# رۆژنامەگەری لە کوردستان بڤڤڤڤە دەکرێت



کۆبونەوەی پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان

لێگەڕێن با یاسای رۆژنامەگەری لە پەڕلەمانی هەڵنەبژێردراو بڕیاڕی لەسەر بدرێت و پەسند بکرێت، بۆ ئەوەی کەس لەو دەسەڵاتدارنەی هەرێمی کوردستان شانازی نەکەن بە ئازادی رۆژنامەگەری. ئەو انە هەردەم باسی ئەو ئازادی یە فرەوانە دەکەن و باسی رژێمی [فاشی سەدامی گۆڕبەگۆڕ چوو] دەکەن کە چۆن دژی ئازادی و دیموکراسی بوو. ئەی ئەو کەلەپچە و ئەو هەمووە جەزا[سزا] و لێپرسینەوە و تاوانبارکردن و ئەشکەنجە دانە لە فەرهەنگی پەرلەمانی هەرێم مانای چی دەبەخشێتەوە. ئەو هەموو ملیون جەزایە[سزایە] بۆ گیرفانی کێ شۆڕ دەبێتەوە. بۆ رۆژنامەنووس مانگانە چەندی ئەو ملیونە دینارە لف دەدات، هەروەکو ئەندامانی پەرلەمان لفی دەدەن. لە ماوەی

رابوردوو ئەندامانی نوستووی پەرلەمان داوای زیادبوونی مانگانەی خۆیان کردبوو بۆیە ئەرکی سەرشانی رۆژنامەنووسانە ئەو پارەیە وێر بکەن بۆ ئەوەی مانگانەی ئەو ئەندامە فەقیرانە دەربچێت و زیادتر بکرێت. ئەو کوردستانە هەر چەند ئازادی ی فرەوان بکرێت لەژێر دەسەلات و چاودێری ئەو دوو زلحیزبە باری رۆژنامەگەری تەسکتر دەبێتەوە و رۆژ بە رۆژ دیکتارۆریەتی دەسەلات زیاتر دەبێت. ئەو هەموو رۆژنامەنووسەی لە کوردستان قورقوشمیان لەدەم دەکرێت و قەڵەمیان دەترسێنرێت، لە کامە جێگای تر بەو شێوەیە رەفتاریان لەگەڵ دەکرێت. ئازادی رۆژنامەگەری تاقە یەک ئاواتە بۆ ئەوەی ئەو میللەتە هۆشیارتر بێتەوە نەک مێشکی ئەنفال بکرێت و ووشە و پەیڤی لێ بڤە بکرێت. هەردەم قەڵەمی راستگۆ نەمرە و بوێرە.

**فەهد گردەوانی**

2007/12/13ستۆکهۆڵم